
ئۆپراسیۆنە هاوبەشەکان لە چیای حەمرین ئۆپراسیۆنەکی ئاسمانیان ئەنجام دا



فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی هاوبەشەکان ئەمڕۆ بڕیاری سەشەممە ڕایگەیاند کە لەچیای حەمرین گورزێکی ئاسمانی دژبە مەڵبەندەکانی داعش وەشاندووە.

بەیاننامەی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکاندا هاتووە:- پاش بەدواداچوونێکی چڕ وبەدەستهێنانی زانیاری ورد لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی هەواگری سەربازی وهەماهەنگی لەگەڵ شانەی بەئامانجگرتنی سەربە فەرماندەیی هاوبەشی ئۆپەراسیۆنەکان هێزی ئاسمانی گورزێکی کوشندەی ئاڕاستەی مەڵبەندێکی داعشی تیرۆریست کرد لە زنجیرە چیای حەمرین / کەرتی فەرماندەیی دیالە لەکاتژمێر ٨ ی سەرلەبەیانی ئەمڕۆ و کوشتنی ژمارەیەک تیرۆریستی لێکەوتەوە